سەرۆک کۆمار: پێویستە دەرئەنجامی لوتکەکانی پێشوی کۆشوەوا جێبەجێ بکرێن

سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال رەشید لە شاری ئەکسپۆی دوبەی، چاوی بە ئەنتۆنیە گوتەرەش سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوت.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی سەرۆکایەتی کۆمار لەدیدارەکەدا، کە ئەمە شەممە 2-12-2023 لە پێراوێزی کارەکانی کۆنفرانسی لوتکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆشوەوا (COP28) لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، بەوەچو، هەریەک لە بەڕێزان دکتۆر فوئاد حسێن وەزیری دەرەوە، تەیف سامی وەزیری دارایی، نزار ئامەدی وەزیری ژینگە، موزەفەر جبوری باڵیۆزی عیراق لە ئیمارات و ژمارەیەک لە راوێژکاران ئامادەیبون و دوایین پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی نەودەوەتی و گۆڕانکاریە سیاسی و ئەمنی و ژینگەییەکان تاووتوێکران، لەوبارەیەوە سەرۆک کۆمار ئاماژەی بە پێویستی جێبەجێکردنی دەرئەنجامی لوتکەکانی پێشوی کۆشوەوا و کاراکردنی رەکەوتننامە نەودەوەتییەکان کرد بەئەوەی ببنە واقیعێکی بەرچاو.

هەروەها سەرۆک کۆمار قەیرانی ئاوی لە عیراقدا رونکردەوە، سەرەای خستنەوەی دیاردەی بە بیابانبون و وشکەساڵی و خۆبارین، کە رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر لایەنە جەراوجەرەکانی ژیان دروستکردوە.

هەروەها ئاماژەی بە رەی گرنگی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد لە پشتیوانیکردنی هەوە نەودەوەتییەکان

و گرتنەبەری ڕەوشەنی گونجاو بە کەمکردنەوەی قەیرانی ئاو و چالاککردنی هاریکاری لەبواری ئاوە سنوربەکان، کە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێوان وڵاتانی کەناراوەکاندا دابەشبکرێت.

هەر لەمیانەی دیدارەکەدا سەرۆک کەمار، ئاماژەی بە بارودۆخی کەرتی غەزە و ئاستەنگەکانی بەردەم خەکی فەلەستین کرد لە ئەنجامی ئەو دوژمنکارییە بەردەوامەی ڕووبەڕووی بەتەوە، لەم چوارچێوەیەشدا بەپێویستی دەزانێت هەوڵەکی توندی نێودەوڵەتی بگیرێتەبەر بە ڕاگرتنی ئەو دوژمنکارییە و ڕێگەدان بە گەیشتنی یارمەتییەکان بە گەلی فەلەستین.

هەروەها هەردوولا ژمارەیەک بابەتی پێیوەندیدار بە ئاەنگاریەکانی گەلانی کەشوهەوا و چەنیەتی ڕووبەڕووبونەوەیان تاووتوکرد، بەشێوەیەک کە پاراستنی ژینگە و ژیانی مرۆڤ لە جیهاندا مسۆگەربکات.